# کاثلین نی هولیهان
# یان
# پیرەژنە هەژارەکە

<u>شانۆگەرییەکی یەک پەردەییە</u>

**نووسینی : ولیەم بەتلەر ییتس**

**و.لە ئینگلیزییەوە: شێرزاد حەسەن**

**کەسەکان : -**

- **پیتەر گیلان : باوک**
- **مایکل گیلان : کوری پیتەر – ە .. خەریکی ژن هێنانە.**
- **پاترک گیلان :تەمەنی دوانزە ساڵەو برای مایکل-ە**
- **بریجیت : خێزانی پیتەر-ە.**
- **دێلیا کاهێل : دەستگیرانی مایکل-ە.**
- **پیرەژنێکی کەنەفت و هەژار کە ناوی -کاثلین نی هولیهان- ە.**
- **دەرو دراوسێ.**

**کات : ساڵی** ( 1798 )

**شوێن: لە نێو کوختێکداو نزیک بە ناوچەی "گیلالا"( 2 ) ، "بریجیت" لە تەک مێزێکدا وەستاوەو گرێکوێرەی بوخچەیەک دەکاتەوە. پیتەر – و پاترک – ی کوڕی لەم بەرو ئەو بەری ئاگردانەکە دانیشتوون.**

پیتەر : ئەریٚ ئەو دەنگە دەنگە چی یە دەیبیستم؟

پاترك : گویٚم لە هیچ نییە .(گویٚ هەڵدەخات ) ئا.... ئیٚستا گویٚم لیٚیەتی . (ئەم هات و هاوارە لە – دروشمکیٚشان – دەچیٚ . ( بەرەو لای پە نجەرەکە هەنگاو دەنیٚ و سەیریٚکی دەرەوە دەکا ) ئاخوٚ دەبیٚ بوٚ هوتاف بکیٚشن ... کەسیش نابینم .

پیتەر : لەوانەیە هات و هاواری یاری و زرمەزلیٚ بیٚ .

پاترك : ئیمرِوٚ هیچ یارییەك لە گوٚرِیٚ نییە . دەنگەکەش لە ناو شارەوە دیٚ.

بریجیت : من وای بوٚ دەچم منداڵان خەریکی جوٚرە گەمەیەکی خوٚیان بن .

پاترك : ئەوەتا...لە دوورەوە پیریٚژنیٚك دەبینم بە ریٚگاکەدا غل دەبیٚتەوە ... نازانم ...توٚ بڵیٚی بەرەو ئیٚرە بیٚت .

بریجیت : لەوانەیە یەکیٚك لە دراوسییەکان بیٚ و بیەویٚ پیروٚزبایی شاییەکەی مایکل – مان لیٚ بکا.. بزانە نایناسیتەوە ؟

پاترك : وابزانم بیٚگانەیە ... بە خوا بەرەو ماڵی ئیٚمەش نەهات ... لای نەدا ، ئەوەتا پیٚچی کردەوە ...بوٚ ئەو شویٚنەی –موٚرتین – و کورِەکانی خەریکی برِینەوەی خوری مەرِەکانن . ( پاترك روو دەکاتەوە دایك و باوکی ) ئەریٚ ئیٚوە لە بیرتان ماوە دوییٚنیٚ شەو ( ویٚنی ) لای دورِیانەکە چی پیٚوتین... گوایە هەر کاتیٚ شەرِو نەگبەتی و کارەسات رِوومان تیٚ بکەن ...ژنیٚکی سەیر و نەناسیاو دیٚت و سەرتا پای وڵات دەگەرِیٚ و هیچ شویٚنیٚك نابویٚریٚت.

بریجیت : بە ورِیٚنەکانی – ویٚنی – بیٚزارمان مەکە، بروٚ دەرگا لە براکەت بکەرەوە ...گویٚم لە ترپەی پیٚیەتی.

بریجیت : نزیك بەرەوە پیتەر سەیریٚکی جلەکانی مایکل بکە ( پیتەر کورسییەکەی لە میٚزەکە نزیك دەخاتەوە ) ئای کە جوان و رِەنگینن .

بریجیت : توٚ کە منت گواستەوە جلی وات نەبوو... پاڵتوٚیەکیشت نەبوو روٚژی یەك شەمموان لەبەری بکەی ...بوٚ روٚژەکانی دیکەش هەر هیچ .

پیتەر : ئەوەیان راستە ...ئیٚمە قەت لەو باوەرِەیەدا نەبووین کورِەکەمان لە روٚژی ژن هیٚنانیدا ئەوەندە پوٚشتەو پەرداخ بیٚ .. یان شویٚنیٚکی وا ریٚك –و پیٚکی هەبیٚ و ژنی تیٚدا بگویٚزیٚتەوە .

پاترك : (کە هیٚشتا لە نزیك پە نجەرەکە وەستاوە ) باوکە ...مایکل هاتەوە .

**پیتەر : هیوادارم تەواوی شیربایی – دێلیا – ی هێنابێ ، چونکە لەوە دەترسێم کەس و کاری پەشیمان ببنەوە تا ئەم کارەم گەیاندە سەر...مردم و لێ بوومەوە .( پاترک دەرگا دەکاتەوەو مایکل دێتە ژووری ) .**

**بریجیت : ڕۆڵە مایکل ... ئەوە بۆ دوا کەوتیت ؟**

**مایکل : هەتا ماڵی قەشە چووم بۆ ئەوەی بەیانی بێت و مارەمان ببڕێت .**

**بریجیت : هیچی وت ؟**

**مایکل : وتی : بووك و زاوای وا لێك وەشاوەم نەدیوە ،گوایە لە هیچ مارەبڕینێك دا بەقەد ئەوەی من و – دێلیا – شاد نەبووە.**

**پیتەر : کوڕم مایکل ...خۆ پارەکەت هێناوە ؟**

**مایکل : ئەوەتانێ باوکە .**
**( مایکل جۆرکێك دەخاتە سەر مێزەکەو ئانیشك دەخاتە سەر لێواری ئاگردانەکە ، بریجیت –یش بە درێژایی ئەو ماوەیە خەریکی جلەکان بوو ، لۆچ و گەچلی جلەکانی تەمیز دەکرد و ناو گیرفانەکانی دەپشکنی ، پاشان جلەکانی دەق کردن و خستنییە سەر مێزەکە ).**

**پیتەر : ( لە جێگەی خۆی بەرز دەبێتەوە و جۆرکەکە بەتاڵ دەکا )**
**بەڵێ ... مایکل ...ڕۆڵە گیان ...من بۆ بەرژەوەندی تۆ ئەمەم کرد ... پەیمانێکی بەجێم بریوەتەوە ، پیرە – جۆن کاهل – ویستی مەسەلەکە دوا بخاو بەشێ لەم پارەیە هەڵبگرێتەوە ... پێی دەوتم " واز بێنە با نیوەی ئەم پارەیە هەڵبگرمەوە تا ئەو حەڵەی کوڕێکیان دەبێ ." منیش دەموت – "شتی وا نییە ...مناڵیان ببێ یا نەبێ ... پێش ئەوەی کچی ئێوە بێتە ماڵەکەمان ... پێویستە هەموو پارەکە کە سەد پاوەندە بخرێتە بەردەستی مایکل . " پاشان ژنەکەشی قسەی لەگەڵ کردو ئەویش کۆڵی داو سەلماندی .**

**بریجیت : پیتەر ...لەوە دەچێ زۆر دڵت بەو پارەیە خۆش بێ .**

**پیتەر : ئەرێ وەڵلا ...خۆزگە منیش ئەوەندە بەختەوەر بوومایە و سەد پاوەندێکم چنگ بکەوتایە ... یان هیچ نەبووایە بیست پاوەندێك .**

**بریجیت : دە باشە ...ئەگەر من هیچیشیم نەهێنابێ ...ئەوە هیچم لە تۆوە دەست نەکەوت ، تۆ چیت هەبوو کە شووم پێ کردیت، کە هاتمە لات تۆ تەنها چەند مریشکێکت هەبوو...خۆشت دانت دەدان ، لەگەڵ چەند بەرخێك کە هەموو ڕۆژێك دەتبردنە مەیدانی – بالینا – ( 3 ) بێجگە لەمانە تۆ چی دیکەت هەبوو ؟ ( ژنە تووڕە دەبێ و قاپەکە هەڵدەگرێ و دەیکوتێ**

به مێزەکەدا ) ئەگەرچی من پارەم بۆ تۆ نەهێنا ... بەڵام هەرچییەکی هەیە بە ڕەنج و ماندووبوونی من هاتۆتە کایەوە ، ئەوەتا سەیری مایکل ...چ پیاوێکە ... ئەم مایکل- ە نازدارەم لەسەر شڕە حەسیرێك لە دایکبوو ، ئەوساش بە دەست پەتاتە چاندنەوە پشتم شکا بوو ، هیچ ڕۆژێکیش داوای پارچە جلێکی جوانم لێ نەکردیت...تەنها زانیومە ڕەنج بدەم ... ڕەنج و بەس .

پیتەر : ئەوەیان وایە ... هەمووی ڕاستە .( بە نەرمی دەست لە قۆڵی دەدا . )

بریجیت : ئێستا وازم لێ بێنە ... با ئەم ماڵە بڕازێنمەوە بۆ ئەو ئافرەتەی دێتە ناوی .

پیتەر : تۆ چاکترین ئافرەتی – ئێرلەندا – ی ، بەڵام پارەش نیعمەتی چاکە ( دیسانەوە یاری بە پارەکە دەکاو دەستی تێوەردەدا ) قەت لەم باوەڕەدا نەبووم لە ماڵی خۆمدا پارەیەکی وا زۆر شك ببەم ، ئێستا بەم پارەیە دەتوانین شتی سەیرو سەمەرە بکەین ...دەتوانین ئەو دە هێکتار زەوییە بکڕین کە ( جێسمی دێمپسی ) لە دوای خۆیەوە بەجێیهێشت ... بۆ مەڕو ماڵات کەڵکی لێ دەبینین ... دەتوانین لە بازاڕی – بالینا – چەند سەر مەڕو بزنێك بکڕین . ئەرێ بە ڕاست مایکل ... دێلیا-ی دەستگیرانت بۆ خەرجی خۆی داوای پارەی لێ نەکردیت ؟

مایکل : نەخێر... دێلیا گرنگی بە مەسەلەی پارە نادا ... بگرە هەر سەیریشی نەکرد .

بریجیت : کوڕم ... ئەوە شتێکی سەیر نییە . ئەو کە تۆی هەبێ ئیتر بۆ سەیری پارەو پوول بکا – کوڕێکی وا قۆزو بەهێز – بێگومان شانازی بەوە دەکا کە شووی بە تۆ کردووە ، کوڕێکی وەك تۆ چاك و کۆڵنەدەر.. کوڕێك کە دەتوانێ کەڵك لە پارە ببینێ ... نە وەك ئەو خەڵکەی کە پارە لەسەر خواردنەوەو سەرسەرییەتی بە فیڕۆ دەدەن.

پیتەر : لەوە دەچێ مایکل خۆیشی گوێ بە پارەی مارەییەکەی نادا... بەڵکو سەیری خو و ڕەوشتی ئەو ئافرەتە دەکا کە دڵی گرتوویەتی .

مایکل : ( بەرەو سەرەوە و لای مێزەکە دەچن ) وایە .. تۆش حەز ناکەی کچێکی جوان و ڕێك و پێك لە تەکتا بڕوا و قۆڵ لە قۆڵت هەڵکێشێ .. سامان و دارایی تا سەر نامێنن .. بەڵام ژن هەمیشە لە گەڵتایە و دەست بەردارت نابێ .

پاترك : ( لەبەر پە نجەرەکە وەستاوە و ئاوڕ لە دایك و باوکی دەداتەوە ) ئەوەتا دیسانەوە لە نێو جەرگەی شارەوە هات و هاوار و دەنگە دەنگە ، دەشێ هەڵلای ئەسپ سواران بێت کە لەوانەیە لە – ئینسکرۆن- ەوە (4) هاتبن .. کە ئەسپەکانیان ئاو دەدەن دەیکەن بە قاووقریشکێك نەبێتەوە .

مایکل: ئەسپی چی .. شتی وا لە گۆڕێ نیە . ئەگەر بازار و مەیدان هەڵگیرابێ .. ئەوان بە ئەسپەوە بۆ کوێ دێن .. پاترك بڕۆ دابەزە ناو شار و بزانە چی قەوماوە .

پاترك : ( دەرگا دەكاتەوە دەیەوێ بچێتە دەرەوە ، بەڵام تۆزێ لەسەر سەكۆێ دەرگاكە دەوەستێ ) ئەرێ كاكە .. لەو باوەڕەدای دێلیا خان تووڵەسەگەكەی منی لە یاد بمێنێ .. خۆی بەڵێنی داومەتێ كە هات بیهێنێ ؟

مایكل :بێگومان بیری ناچێ و دەیهێنێ . ( پاترك مل دەنێ و دەرگاكە بە كراوەیی بە جێدێڵێ )

پیتەر : لەمەودوا نۆرەی پاترك – ە بەدوای پارەی شیربابیدا بگەڕێ .. بەڵام وا بە ئاسانیش دەستی ناكەوێ .. بە تایبەتیش كە ئەو بێ جێگە و ڕێگەیە .

بریجیت : زۆر جار بیرم لەم مەسەلەیە كردۆتەوە . ئێستا گوزەرا نمان بەرەو باشتر دەڕوا .. ئیتر وا لە گەڵ خاو و خێزانی – كاهل –تێكەڵ بووین و پشتگیرییەكی چاكمان دەكەن ، مامی – دێلیا – ش قەشەیە .. لەوانە ڕێمان بۆ خۆش ببێ و بتوانین – پاترك- یش بكەین بە قەشە .. خۆ شوكر لە دەرس و دەورەكانی زۆر وریایە .

پیتەر : بۆ ئەوەیان زۆری ماوە ، تۆ هەمیشە مێشكت پڕە لە پرۆژە و پلان .

بریجیت : خۆمان دەتوانین مەسەلەی خوێندنەكەی بۆ فەراهەم بكەین... باشترە لەوەی وەك قوتابییەكی هەژار بەم وڵاتەدا بگەڕێ و بسووڕێتەوە و چاوەڕوانی خێرو زەكاتی خەڵكی بێ .

مایكل : هات و هاوارو هوتافەكە تەواو نەبوو . ( بەرەو ناو دەرگاكە مل دەنێ و ساتێ لەوێ دەوەستێ ... دەست بەرز دەكاتەوەو سێبەر لە چاوەكانی دەكاو دوور دەڕوانێ . )

بریجیت : هیچت لێوە دیارە ؟

مایكل : پیرەژنێك ملی ڕێگاكەی گرتووەو ڕووەو ئێرە دێ .

بریجیت : سەیرە ... دەبێ كێ بێ ؟

مایكل : باوەڕیش ناكەم دراوسێ بێ ، بەڵام دیارە بە سەرپۆشێك دەم و چاوی خۆی شاردۆتەوە .

بریجیت : ڕەنگە هەر ئەو ئافرەتە بێ كە پاترك ساتێ لەمەو بەر دیبووی . لەوانەیە ژنێكی هەژار و كۆڵەوار بێ .. بەوەی زانیوە لێرە زەماوەندە ... هاتووە خێرێكی پێ بكەین .

پیتەر : وا چاكترە پارەكە بشارمەوە . مانای نییە خەڵكانی غەریب بیبینن . ( لە سندوقێكی گەورەی قەد دیوارەكە نزیك دەبێتەوە ، دەیكاتەوە جۆركەكەی تێ فرێ دەداو پاشان بە كلیل دایدەخاتەوە . )

مایکل : باوکە .. ئەوەتا پیرەژنەکە لەسەرخۆ بە بەردەمی پە نجەرەکە ڕادەبووریٚ .. بە دەم ڕۆیشتنەوە سەیری مایکل دەکا )
قەت حەزم نەدەکرد شەویٚك بەر لە شەوی چوونە پەردەوە کەسیٚکی بیگانە بیٚتە ماڵەکەمان .

بریجیت : مایکل .. دەرگاکە بکەرەوە .. با ئەم پیرەژنە بەستەزمانە لە بەر دەرگا چاوەڕیٚ نەکا .( پیرەژن دیٚتە ژووریٚ ،
مایکل خۆی لا دەدا و ڕیٚی بۆ چول دەکا . )

پیرەژن : خودا بە خۆی بتانپاریٚزیٚ .

پیتەر : لە گەڵ تۆش.

پیرەژن : ماڵیٚکی ڕیٚك و پیٚکتان هەیە .

بریجیت : لە نزیك ئاگرەکە دانیشە .. یا خوا بە خیٚر بیٚیت.

پیرەژن : ( دەستەکانی گەرم دەکاتەوە ) لە دەرەوە ڕەشەبایەکە پیاو دەبڕیٚتەوە . ( مایکل لە ناو دەرگاکەوە لە پیرەژنەکە ورد دەبیٚتەوە ، پیتەر بەرەو لای میٚزەکە مل دەنیٚ . )

پیتەر : سەفەری ئیمڕۆت سەخت بووە .. وا نییە ؟

پیرەژن : سەفەریٚکی دوور و دریٚژ .. چوومەتە زۆر شویٚن ، کەم کەس وەك من سەفەری دووری کردووە .

پیتەر : جیٚگای داخە کە مرۆڤ بیٚ هیٚلانە بیٚ و شویٚنیٚکی نەبیٚ تیایدا بسرەویٚ.

پیرەژن : زۆر ڕاستە . من لە میٚژە ڕیٚگەوبانی ئەم دونیایە دەکوتمەوە .. قەتیش نەحەساومەتەوە .

بریجیت : سەیرە .. پیٚتەوە دیار نیە .

پیرەژن : هەندیٚکجار قاچەکانم ماندوو دەبن . دەستەکانیشم سست و مردوو . بەلاٚم هەرگیز دلٚم ناسرەویٚ .. ئۆقرە ناگریٚ . کە خەڵکی دەمبینن ئارام و لە سەرخۆم .. وا دەزانن پیر بووم و کەف و کولٚ و تین و تاوی جارانم نەماوە .. وا دەزانن دامرکاومەتەوە .

بریجیت : باشە پیرەژن چی گەڕیدەو ئاوارەی کردیت؟

پیرەژن : بیٚگانە ( 5 ) ماڵەکەمیان داگیر کردووە .

بریجیت : لەوە دەچێ زۆر گیر و گرفت و ناخۆشیت دیبێت

پیرەژن : ڕاستی .. زۆر دەردەسەریم چەشتووە .

بریجیت : بەڵام کێ تووشی ئەم گرفتانەی کردیت؟

پیرژن : من زەوی و زاری خۆم هەبوو .. لێیان داگیر کردووم.

پیتەر : زەوی و زارێکی زۆرە ؟.

پیرەژن : چوار کێڵگەی سەوز و ڕەنگین.

پیتەر : ( لە تەنیشتەوە قسە لە گەڵ ژنەکەی دەکا ) تۆ بڵێ ی ( کاسی ) بێوەژن نەبێ .. ئەوەی ماوەیەك لەمەوبەر لە ( کیلگلاس ) ( 6 ) دا لەسەر ماڵ و حاڵی خۆی دەریان کرد ؟

بریجیت : ئەو نییە . من جارێکیان – کاسی – بێوەژنم لە بازاری - بالینا – دیوە .. ژنێکی کورتە بنەی جوان و جحێڵە .. لەسەر شەنگ و هێزی خۆیەتی .

پیتەر : ( ڕوو لە پیرژنەکە دەکا ) ئەرێ کە بەرەو ئێرە هاتیت ... گوێت لە هیچ هات و هاوار و هوتافێك نەبوو ؟

پیرەژن : وام هەست کرد گوێم لە دەنگی ئەو هاوڕێ و خۆشەویستانەم بوو کە جاران هات و چۆیان دەکردم .
( لەبەر خۆیەوە گۆرانی دەڵێ )

**ئەوا دەچم و .. بەیەکەوە لەگەڵ ژنان دەگرین..**
**بۆ مەرگی – دۆناف –ی کاکۆڵ زێڕێن شینێ دەگێڕین..**
**پەتی سێدارەی کرد بە ملپێچی..**
**بەری خامی سپیش بۆ سەرپۆشی سەری .....**

مایکل : ( لە دەرگاکە دوور دەکەوێتەوە دێتە پێش ) ئەرێ ئەم گۆرانیە چییە خانم ؟

پیرەژن : گۆرانی یەکەم سەبارەت بە پیاوێکە زەمانێ لەمەو بەر دەمناسی .. بۆ –دۆناف – ی کاکۆڵ زێڕین کە لە – گالوەی – لە سێدارە درا ..

ئەم گۆرانی یە بۆ یادی ئەو دەڵێم :-

**ئەریٚ خوشکیٚ.. هۆ خوشکەکەم**
**ئەوا هاتم .. لەگەڵتا بناڵێنم**
**بگریم و ... شینیٚ بگێڕم**
**سەرو کەزیم کردۆتەوە**
**ئەو لاوە چاکەم دێتەوە یاد**
**زەوی دەکێڵا ئازاو فریاد**
**گڵەسوورو  بە پیتەکەی هەڵدەگێڕایەوە..وەیلیٚ**
**لە بەردی ساغی ئەو شاخانە ... لەسەر گردیٚ**
**کوخت و عەمباری بنیات دەنا ..وەیلیٚ**
**ئاخ گەر لە - ئینسکرۆن – پەتی سێدارەی لە مل دەکرا**
**ئەوسا دەتدی .. چۆن پەت و سێدارە .. تێك دەشکێنرا**

مایکل : باشە چی وای لیٚ کرد خۆی بە کوشتن بدا ؟

پیرەژن : ئەو لاوە لە  پێناو ئەوینی من خۆی بە کوشتن دا ، زۆر پیاو بوونەتە شەهیدی عیشقی من .

پیتەر : (  لە تەنیشتەوە ڕوو دەکاتە بریجیت ) دەردەسەری ئەم  پیرەژنەی شێت کردووە .

مایکل : باشە ئەم گۆرانییە کۆنە ؟ ئەو لاچاوکە لە مێژە کوژراوە؟

پیرەژن : ئەوەندە لە مێژ نییە ، بەڵام لە کۆنەوە خەڵکێکی بیٚ شومار لە  پێناو خۆشەویستی مندا گیانیان بەخشیوە .

مایکل : ئەو خەڵك و خوایە دەر و دراوسیٚ ی خۆت بوون .. خانم ؟

پیرەژن : وەرە تەنیشتمەوە تا باسی ئەو کەڵەمێردانەت بۆ بکەم ، ( مایکل دەخزێتە تەك پیرەژنەکە و نزیك بە ئاگردانەکە دادەنیشیٚ ) لە باکووردا .. گە نجێکی قژ سوور کە لە بەرەبابی ( ئۆدۆنێل ) ( 7 ) بوو  خۆی بۆ من بە کوشتن دا ، یەکێکی دیکە کە لە بەرە بابی ( ئۆ – سۆلڤان ) ( 8 ) بوو لە باشووردا خۆی بۆ من بە کوشتن دا ، لە ( کلۆنتارف ) ی گویٚ دەریاش ( بریان ) ( 9 ) ناوێك خۆی بەخت کرد .. سەدانی تریش لە رۆژئاوا بەر لە سەدەها ساڵ خۆیان کرد بە قوچی قوربانی .. زۆری تریش گیان لەسەر دەست چاوەڕێن .

مایکل : بە ڕاست .. هەن لە ڕۆژئاوا خۆیان بەخت بکەن ؟

پیرەژن : وەرە پێشەوە .. ڕۆڵە .. وەرە پێش .

بریجیت : تۆ بڵێی ئاگای لە خۆی بێ ؟ تۆ بڵێی خەڵکی ناوچەیەکی باکوور نەبێ ؟

پیتەر : خۆیشی نازانێ چ دەڵێ ؟ نەبوونی و گیر و گرفتی ژیان چاك سەری لێ تێکداوە .

بریجیت : بەستە زمان .. تو خوا با لە گەڵیا میهرەبان بین .

پیتەر : ئافرەت کەمێ شیر و لەتێك نانی گە نمەشامی بدەرێ .

بریجیت : وا چاکە شتێکی ئەوتۆی بدەینێ کە لەو ڕێگە دوورە بە کەڵکی بێ چەند پێنسێك .. یان شڵنگێك .. خۆ شوکر ئێمە پارەیەکی زۆرمان هەیە .

پیتەر : وایە .. ئەگەر مەسەلەی پاشەکەوتکردن نەبووایە .. من بە زۆری نازانم ، بەڵام ئەگەر ئەم پارەیە بە ڕاست و چە پدا بە با بدەین .. ئەوە سەد پاوەندەکەش نامێنێ.. ئەوسا دەبێ لەسەر خوانی خاڵی دانیشین .. ئەوەش گوناهە .

بریجیت : پیتەر .. شەرمە بۆ تۆ ، شلنگێکی بدەرێ و گەردنی ئازاد بکە ... ئەگینا ئەوەی بەختە لەمماڵە نامێنێ .
( پیتەر بەرەو لای سندوقەکە مل دەنێ و شلنگێکی لێ دەردەهێنێ ) .

بریجیت : ( ڕوو لە پیرەژن دەکا ) ئەرێ پورێ کەمێ شیر دەخۆیتەوە ؟

پیرەژن : من نە بەدوای ناندا دەگەڕێم و نە بەدوای ئاودا .

پیتەر : ( شلنگێك دەخاتە دەستی پیرەژن ) ها پیرەژن .. لەوانەیە خێری لێ ببینیت .

پیرەژن : ئەوە نییە کە من بۆی هاتووم . ئەوەی دەمەوێ زێڕ و زیو نییە .

پیتەر : ئەی کەواتە چیت دەوێ ؟

پیرەژن : هەر کەسێ بیەوێ یارمەتیم بدا دەبێ گیان و ماڵ و سامانی بۆ من بەخت بکات .. دەبێ خۆی بکاتە قوربانی من .
( پیتەر لە مێزەکە نزیك دەبێتەوە بەسەر سامییەوە سەیری شلنگەکەی ناو لە پی دەکاو بە گوێی بریجیت – دا دەچرپێنێ )

مایکل : باشە خانم تۆ بێ پیاویت .. مەبەستم ئەوەیە مێردی خۆت نییە .

پیرەژن : نەخێر نیمە . لەگەڵ ئەو هەموو پیاوانەی خۆشیان ویستووم .. تا ئێستاش پێخەفم بۆ کەسیان ڕانەخستووە .

مایکل : باشە خانم .. هەر بە تەنیا سەفەر دەکەیت و وڵاتان دەگەڕێیت ؟

پیرەژن : بیر و ڕاکانی خۆم .. هیوا و ئاواتەکانم لە گەڵمدان .

مایکل : بۆ تۆ هیچ هیوا و ئاواتێك ماوە ؟

پیرەژن : هیوای وەرگرتنەوەی کێڵگە بە پیت و ڕەنگینەکانم ، دەژیم بەو ئومێدەی بێگانەکان لە ماڵەکەم دەر بکەم .

مایکل : خانمەکەم .. ئەوەیان چۆن بە تۆ ئەنجام دەدرێت ؟

پیرە ژن : من گەلێ برادەری چاکم هەیە و دەزانم یارمەتیم دەدەن .. ئێستا وا خەریکن کۆ ببنەوە تا بتوانن پشتگیریم بکەن ، من ناترسم .. ئەگەر ئیمڕۆش بۆیان نەکرێ و هەرەس بێنن .. ئەوە بزانە کە بەیانی سەرکەوتنیان مسۆگەرە .
( پیرەژن ڕاست دەبێتەوە )
دەبێ بچم پێشوازی لە هاوڕێیەکانم بکەم . هاتوون یارمەتی من بدەن .. پێویستە لەوێ بم تا بەخێرهاتیان بکەم . دەبێ دراوسێکانیش بانگ بکەم تا بەیەکەوە بەخێرهاتنێکی گەرمیان لێ بکەین.

مایکل : منیش لە گەڵتا دێم ،

بریجیت : کوڕی خۆم کاتی ئەوە نییە لە گەڵ ئەم پیرەژنەدا بڕۆی تا بەخێرهاتنی برادەرەکانی بکەیت ، مایکل .. کوڕی خۆم .. پێویستە بە جوانی پێشوازی لەو بووکە بکەی ، تۆ ئیش و کارێکی زۆرت لە بەردەمە .. ئەوە نانە .. ئەوە ئاوە .. دەبێ هەموو شتێك ئامادە بکەی . خۆی ئەو ژنەش بە دەستی بەتاڵ نایەتە ماڵەکەت .. بە تەماش نیت بیگوێزیتەوە ماڵێکی چۆڵ و هوڵ . ( ڕوو دەکاتە پیرەژنەکە ) خانمەکەم .. ڕەنگە تۆ نەیزانی کە کوڕەکەمان بەیانی ژن دێنێ .

پیرەژن : من چاوەڕێی یارمەتی لە پیاوێك ناکەم خەریکی ژن هێنان بێت.

پیتەر : ( بریجیت دەدوێنێ ) ئەرێ ئەم پیرەژنە دەبێ کێ بێ ؟ تۆ بە کێی دەشوبهێنێت؟ ئەرێ خانم .. تۆ تا ئێستا ناوی موبارەکی خۆت بە ئێمە نەوتووە .

پیرەژن : هەندێ کەس پێم دەڵێن ( پیرەژنە هەژارەکە ) هەندێ کەسی تریش بە ناوی ( کاثلین نی هولیهان )
من دەناسن .

پیتەر : وابزانم لە زوودا ناوێکی ئاوام بیستووە .. لەوە دەچێ کاتی خۆی یەکێکم بەم ناوەوە ناسیبێت . دەبێ کێ بێ ..یەکێك لەوانەی بە منالی ناسیومە .. نا.. نا.. بیرم هاتەوە : ئەم ناوەم لە گۆرانییەکدا گوێ لێ بووە .

پیرەژن : ( لەبەر دەرگاکە وەستاوە ) لە کنیان سەیرە گۆرانیان بۆ وتووم .. چەندەها گۆرانی دیکە بۆ من وتراوە . هەر ئەم بەیانیە گوێم لە گۆرانیەکی دیکە بوو.. ئەم گۆرانیەش ( با ) هەڵیگرت و دەیدایە گوێم : ( دەست دەکا بە گۆرانی وتن )

نەکەی بیکەی بە شین و ڕۆڕۆ.. مەیلاوێنەوە
گەر بەیانی دەمی گۆڕەکان .. بکرێنەوە
بۆ ئەو تەرمەی کە بەیانی وا دەنێژرێ
مەنێرە دووی سوار ئەسپان .. بکەونە ڕێ
سوار ئەسپی ... سەرپۆش سپی .
* * *
نان و خۆراك مەبەخشەوە ...
غەریب و بیگانە بانگ مەکە
با نەیەن بۆ پرسەکەی
ئێشکگرتنی سەر تەرمەکەی
بەخێری ئەو کەسەی سبەی دەمرێ
هیچ مەبەخشە بە نوێژکەران
نەکەی پارەیان مەدەرێ
ئەوان پێویستیان بە نوێژ نی یە
هەرگیز پێویستیان بە نوێژکەران نی یە .

مایکل : من لە مانای ئەم گۆرانیە تێناگەم ، نازانم مەبەستت چییە ، بەلام پێم بلێ چ خزمەتێکم پێ دەسپێریت تا ئەنجامی بدەم .

پیتەر : مایکل .. کوڕی خۆم وەرە ئێرە .. وازبێنە .

مایکل : باوکە .. بێ دەنگ .. گوێ لەم پیرەژنە بگرە .

پیرەژن : ئەوانەی حەز دەکەن یارمەتی من بدەن .. ئەرکی قورس و باری گران دەگرنە ئەستۆی خۆیان . ئەوانەی ئێستا دەیانبینی ئیمڕۆ گردو هەردو زەلکاو دەبڕن .. بەیانی دەنێردرێنە
نێو شەقام و ڕێی زۆر سەخت و ناخۆشی وڵاتە دوورەکان ، زۆر پیلانی چاك و دروست تێکدەچن ، زۆریش لەوانەی پارەیان کۆ کردۆتەوە ... فریای ئەوە ناکەون خەرجی بکەن . زۆری دیکەش منالیان دەبێ ، بێ باوك و بێ کەس ، کەسێك نابێ ناویان لێ بنێ ، زۆر کەس لە پێناو عەشقی مندا زەرد هەڵدەگەڕێن ... کەچی وا تێدەگەن کە ئەم کارەسات و نوشوستیە گەورەترین پاداشتی ئەوانە .
( دەچێتە دەرێ .. لە دەرەوەش گوێی لە سەدای گۆرانی خۆی دەبێ ) ئەوانەی لە یادی هەموو کەسێکدا دەمێننەوە هەتا هەتایە نامرن و .. زیندوون و زیندوو دەبنەوە تا تە پڵی قیامەت باس و خواسیان نابڕێتەوە و ناویان لە گوێی ئەو خەڵکەدا دەزرنگێتەوە .

بریجیت : ( ڕوو لە پیتەر دەکا ) پیتەر .. سەیری کوڕەکەت بکە ، هەر دەڵێی جادووی لێ کراوە سەیری کە چۆن گۆڕاوە .. ( دەنگی لێ بەرز دەکاتەوە ) مایکل .. کوڕی خۆم .. سەیری ئەم جل و بەرگە ڕەنگینەی زاوایەتیت بکە . ( جلەکانی بۆ دەردێنێ ) دەبڕۆ بە خۆتی بگرە .. ناخۆشە بۆ بەیانی ڕێك و پێك نەبیت .. ئەگەر بە بەرت نەکات ئەوسا برادەرەکانت پێت پێدەکەنن .. ها مایکڵ بگرە .. بڕۆ لەم ژوورە تاقییان بکەرەوە .
( دایکی جلەکان دەخاتە سەر دەستی مایکل )

مایکل : زەماوەندی چی و حاڵی چی ؟ ئەوە تۆ باسی چیدەکەی ؟ چ چەشنە بەرگێکە کە تۆ نیازت وایە لەبەری منی بکەی ؟

بریجیت : جل و بەرگی زاوایەتی .. بەم بەرگەوە بەیانی پێشوازی ( دێلیا کاهل ) ی ژنت دەکەی .

مایکل : ئەوەیانم بیر نەبوو . ( سەیرێکی جلەکان دەکا و ڕووەو ژوورێکی ناوەوە هەنگاو دەنێ ، بەڵام لەگەڵ هات و هاوار هوتاف کێشانەکە دەگاتە بەر گوێی .. دەوەستێ و جووڵە ناکا . )

پیتەر : ئەم هات و هاوارە هەروا دێ لە دەرگای ماڵەکەی ئێمە نزیك دەبێتەوە ، دەبێ چی ڕووی دابێ ؟ ( دەرودراوسێییەکان وەژوور دەکەون و دەبێتە قەڵەباڵغی ، پاترك و – دێلیا – ش لەگەڵ خەڵکەکە دێنە ژوورێ )

پاترك : هەندێ پا پۆڕ گەیشتن و لە قەراغ دەریاکە لەنگەریان گرتووە ، ژمارەیەکی زۆر لە فەرەنسییەکان لە – کیلالا – دابەزیون و لەوێ کۆ بوونەتەوە .

( پیتەر سەبیلەکە لە دەم و لێوی دوور دەخاتەوە و شە پقەکەی سەری دادەگرێ و بەرزە پێ ڕاست دەبێتەوە ، جلەکان لەسەر دەستی مایکل دەخزن و دەکەونە سەر زەوی )

**دێلیا : مایکل ... ( هیچ گوێی پێ نادا ) مایکل ....( ڕووی تێ دەکا ) بۆچی وەك غەریب و نەناسیاوێك سەیرم دەکەی ؟**
**( دێلیا دەستی بەردەدا .. بریجیت بەرەو لای دێلیا هەنگاو دەنێ ) .**

**پاترك : هەموو هەرزەو لاوەکان ڕۆیشتن تا پێشوازی فەرەنسییەکان بکەن .**

**دێلیا : مایکل هەقی نییە .. وەك ئەو خەڵکە ناچێ پێشوازیان لێ بکا .**

**بریجیت : ( ڕوو لە پیتەر دەکا ) پیتەر پێی بڵێ با نەچێ .**

**پیتەر : بێ کەڵکە .. ئەو گوێ لە یەك وشەی ئێمە ناگرێ .**

**بریجیت : دەخیلتم دێلیا .. تۆ هەوڵێکی لەگەڵ بدە . مەهێڵە بچێ .**

**دێلیا : مایکل .. مایکل ... تۆ بەجێم ناهێڵیت ! نەکەی بەگەڵ فەرەنسییەکان بکەویت .. بەیانی من و تۆ بووك و زاواین .**
**( دێلیا هەردوو باسکی تێوە دەئاڵێنێ و مایکل لە باوەش دەکا ، ئەویش سەیرێکی دەکا و ئەوەندەی نەماوە ملی بۆ کەچ بکا و سارد بێتەوە )**

**پیرەژن : ( لە دەرەوەڕا دەنگی دێتە بە گوێ : )**

## ئەوانەی لە یادی هەموو کەسێکدا دەمێننەوە
## تا ئەبەد ناوو ناوبانگیان دەزرنگێتەوە

**( مایکل خۆی لە باوەشی "دێلیا " ڕادەپسکێنێ و دەچێتە ناو قەڵەباڵغی دەرودراوسێ کە هەموو لە بەر دەرگاکە وەستاون . )**

**مایکل : وەرن .. پەلە بکەن .. کاتی ئەوەمان نییە بە فیڕۆی بدەین .. با بکەوینە دوای ئەو پیرەژنە .**
**( مایکل و هەموو دراوسێیەکان بەیەکەوە دەچنە دەرێ ) .**

**پیتەر : ( دەست دەخاتە سەر شانی پاترك ) کە هاتیتەوە لە ڕێگەکە هیچ پیرەژنێکت نەدیت ؟**

**پاترك : نەخێر . بەڵام کچێکی گەنجم دی هەر دەتوت شاژنە پێ بە زەویدا دەنێ .**

# پەردە دادەدرێتەوە

**<u>پەراوێز :=</u>**

(1) کاثلین نی هولیان : له ساڵی (1903) دا .. (ییتس) ی شاعیر و شانۆنووسی ئیرلەندی نامەیەکی بۆ (لەیدی گریگۆری) نووسی و تیایدا باسی سەرهەڵدان و خوڵقانی ئەم شانۆ گەرییەی کردو وتی : سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بینینی خەونێك کە وەك سروشێکی ئاشکرا و ڕوون هاتۆتە بەرچاوی . لەو خەونەدا کوختێکی دیوە لەناو ئەو کوختەدا خێزانێك لە دەوری ئاگرێك کۆ بوونەتەوە بە خۆشی و زەوقەوە باسی شایی و زەماوەندی کوڕی گەورەی خۆیان کردووە ، کەچی کتو پڕ پیرەژنێك لێیان دێتە ژوورێ . نووسەر ئەم پیرەژنە دەکا بە ڕەمزێکی زیندووی هەموو ئیرلەندا .. ئەو پیرەژنەی ( وڵاتەی ) سەدەها گۆرانی و سروودو چیرۆکی بۆ وتراوە .. هەزارەها بوونەتە قوربانی . بۆ یەکە مجاریش لە ئۆکتۆبەری ساڵی ( 1902 ) دا لە ( سامهێن ) بڵاو کرایەوە و لە نیسانی ( 1902 ) داو لە شاری ( دەبلن ) دا لەسەر تەختەی شانۆی ( سەینت تێریزا ) پێشکەش کرا . ( مۆد گۆن ) یش دەوری تیا بینی .

(2) کیلالا : ناوچەیەکە لە ( کۆ.مایۆ ) لەو شوێنەی هێزێکی فەرەنسی بە سەروکایەتی ژەنەڕاڵ – هەمبێرت – لە (22) ی ئابی ساڵی (1798) دا بۆ یارمەتی شۆڕشگێڕانی ئیرلەندی دابەزی بوون .

(3) بالینا : شارێکە لە هەرێمی (کۆ . مایۆ)

(4) ئینسکرۆن : ئێستا هاوینە هەوارێکی خنجیلانەی نزیك دەریایە .. کەوتۆتە ئەوپەڕی رۆژئاوای (کۆ . سلیکۆ) . ئەوەندەش لە – بالینا – وە دوور نی یە .

(5) بێگانە : مەبەستی ئەو ئینگلیزیانەیە کە بە زۆری لە ئێرلەندا نیشتە جێ بوون .

(6) کیلگلاس : گوندێکی نزیك (کیلالا) یە

(7) (ئۆ .دۆنێل ) یان پیاوە قژ سوورەکە : دیارە مەبەستی – هیو ڕۆو ئۆ – دونێل – بووە (1571-1602) ئەو کابرایە لە بەندیخانەی – دەبلن – ڕای کردو لە – ۆناخت- پەڕییەوە.. لە سەر کەوتنەکەی (یەلۆ فۆرد ) بەشداری کرد و بۆ یارمەتی و پەنادان خۆی گەیاندە ئیسپانیا ، بەڵام لەوێ دەرمان خوارد کراو کوشتیان

(8) (ئۆ . سۆلڤان ) : دۆنال ئۆ . سولیڤان بێر (1560-1618) ئەو دەسەڵاتدارەیە کە لە ساڵی (1601) داو لە (دەنبۆی) و لە قەڵاکەی خۆیدا جێی بۆ سوپایەکی ئیسپانی کردەوە.. دەسەڵاتدارێکی تر بە ناوی (کارو) هەموویانی تەفرو تونا کرد . (ئۆ سۆلڤان ) دوای هەوڵ و تێکوشانی زۆر خۆی گەیاندە – ئالستەر – و پاشان گەیشتە (لەندەن) ... بەڵام (جە یمز) ی پاشا نەیگەڕاندەوە سەر تەخت و تاراجی خۆی و دەستی یارمەتی بۆ درێژ نەکرد لەوێوە چوو بۆ ئیسپانیا ، پەنابەرێك لە ئیسپانیا دەستی لێ وەشاند و کوشتی .

(9) بریان بۆرو : - (926-1014) پاشای گەورەی هەموو ئیرلەندا و لە ساڵی 1014 – دا و لە دەبلن – دا .. لە شەڕێکی سەرکەوتووانە لە گەڵ دانیمارکیەکاندا کوژرا .

W.B.Yeats
Selected Plays
Edited by Norman Jeffares
Macmillan London, 1979.